کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:21 14-6-2007

## وەڵامنامەیەک بەسوپاسەوە بۆ بەڕێز مەهاباد قەرەداخی ... د. شاهۆ سەعید

لە بابەتەکانی سایتی کوردستان نێت‌ی ڕۆژی 10/ 6/ 2007 ئەو نوسینە پرسیارئامێزەی شاعیر و نوسەری بەڕێز مەهاباد قەراداخی‌م خوێندەوە، کە تیایدا پرسیارێك ئاراستەی من و خاتو تاڤگە سابیر دەکا سەبارەت بەو لێکچوونە سەیرەی کە لەنێوان قسەکانی من بۆ ژمارە 52ی گۆڤاری لڤین-دا هەیە لەگەڵ چەند بڕگەیەك لە نوسینێکی تاڤگە سابیردا، کە لە ڕۆژی 2007/6/7 لە سایتی ناوبراودا بڵاوکراوەتەوە.

1. پاش سوپاسی زۆرم بۆ مەهاباد خان کە ئەو بەراوردەی ئەنجامداوە و ئەو لێکچوونەی لە چەندین ڕستەدا بەدەق ئاشکراکردووە، بەدڵنیاییەوە دووپاتی دەکەمەوە ئەو قسانەی کە خاتو تاڤگە بەناوی خۆیەوە بڵاویکردوونەتەوە هی منن و بەحەرفی وەرگیردراون. من لای خۆمەوە هەرگیز ئەخلاقی نوسین و ڕادەربڕین ڕێگەی ئەوەم پێنادا قسە و ڕاوبۆچوونی کەسانی تر بەناوی خۆمەوە بڵاوبکەمەوە.
2. دەبوو خاتو تاڤگە، کە ئەو قسانەی منی وەك خۆی کۆپی کردۆتەوە، ئاماژەی بدایە بەخاوەنی ڕاستەقینەی قسەکان و وەك پرنسیپێکی ئەمانەتی نوسین ئاماژەی بدایە بەو سەرچاوەیەی کە قسەکانی لێوەرگرتوون.
3. ئەوەی نوسینەکەی خاتو تاڤگە بخوێنێەوە بەئاسانی بۆی ئاشکرا دەبێ کە قسەکانی من لەدەرەوەی کۆنتێکستی خۆیان بەکارهاتوون و بەزۆر لکێندراون بە بڕگە و ڕستەکانی تری نوسینەکەی ئەو خانمەوە.
4. قسەکانی من لە سیاقی دیمانەیەکدا هاتوون لەگەڵ گۆڤاری لڤیندا، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ هەردوو هاوڕێی ستافی گۆڤارەکە هێمن باقر و یاسین عومەر، کە ڕۆژی 5/5/ 2007 گەیشتۆتە گۆڤارەکە و ڕۆژی 2007/5/15 لە هەموو کوردستاندا بڵاوبۆتەوە، واتە بەنزیکەی مانگێك بەر لە نوسینەکەی خاتو تاڤگە تۆمارکراون و لە ئەرشیفی گۆڤاری ناوبراودا پارێزراوە.

لە کۆتاییدا منیش وەك مەهاباد خان چاوەڕێی وەڵامی خاتو تاڤگەم تا هۆکار و ئیلتباساتی بڵاوکردنەوەی ئەو قسانەی من بەناوی خۆیەوە ڕوونبکاتەوە.

سلێمانی 13/ 6/ 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.